سەران عومەر: عێراق 725 ملیار دیناری لە پشکی هەرێمی کوردستان بە ساڵی 2024 بێیوە و خستویەتیە سندوقی خانەنشینان

سەران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، وەزارەتی دارایی عێراق 725 ملیار دیناری لە پشکی هەرێمی کوردستان بە ساڵی 2024 بێیوە بێیوە و خستویەتیە سندوقی خانەنشینان، بەڵام ئێستا وەزارەتی دارایی هەرێم داوای دەکات، دەشێت، ئەگەر پارەی شەش مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردو بنێردرایە بە بەغدا، ئێستا موچەی مانگی 12 کێشەی نەدەبو.

سەران عومەر ئەمە شەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی موچەی مانگی 12ی 2024، ڕایگەیاند، "لە کۆی ئەو پارەیەی کە ساڵی ڕابردو بە هەرێم هاتوە کە 10 ترلیۆن و 738 ملیار دینار، 725 ملیار دیناری عێراق کە خەرجی کردوە بە ساڵی 2024 چوەتە ناو لێبینی 10%ی خانەنشینی لەگەڵ باجی سەر موچە، کە عێراق دەیبێت (واتا عێراق 725 ملیار دیناری بێیوە و خستویەتیە سندوقی خانەنشینی عێراق) هەرێم داوای دەکات بەڵام بەڵونی نالێت، بەغداش دەڵێت، پارەکەم خەرجکردوە بەڵام لە سندوقی خانەنشینان دادەنرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، بەشێکی دیکە لە کێشەی هەرێم و بەغدا داهاتی نانەوتییە و هەرێمی کوردستان وابیری کردوەتەوە ئەگەر داهات نەگەڵێنتەوە لە مانگی (حوزەیران/6) کۆتا داهاتی گەڵاندوەتەوە، کە کۆی گشتییەکەی 399 ملیار دینارە بە هەر شەش مانگەکە، بەڵام

شەش مانگی ڕابردو نەگەڵەنراوەتەوە، بەڵام کاتێك میزانی مەراجەعە گەڵەنراوەتەوە بە بەغدا نوسیویەتی 960 ملیار دینار لە داهاتی ناوخۆ دراوە بە موچە، عێراقیش ئەو پارەیەی وەکو داهاتی موچە حساب کردوە کە گەڵابێتەوە بە خێی و لەسەر پشکی هەرێم دەریکردوە.

بەگوێرەی وتەی سەران عومەر، "عێراق وتویەتی هەرێم مافی ئەوەی نیە داهاتی ناوخۆ بدات بە موچە و حسابیشی نەکەن و داوای بەدیلەکەی لە ئێمە بکەن، پێویستە ئەو کەسانەی کە گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ بەغدا پێویستە لە ژمێریاری و بودجە شارەزا بن، هەر داهاتێك لە میزانی مەراجەعە خەرجکراوە عێراق وەکو داهات بە خێی حسابی کردوە، کە ئەگەر هەرێم وەکو پێنج مانگەکەی دیکە داهاتی بگەڵاندایەتەوە، کێشە بە موچەی مانگی 12 بەمجۆرە دروستنەدەبو".

ئەوەشی خستەڕو، "بەغدا دەڵێت، ئەوەی دراوە بە موچە 11 ترلیۆن و نیوە بە لێبینی خانەنشینیشەوە، دابەشی 12 مانگ دەکرێت بە هەر مانگێك 975 ملیار دینارە، بێیە پارەی هەر 12 مانگەکە هاتوە".